# دیداری حەمەی مەلاکەریم

# تخوا ئێسک و پرووسک و خاک و خۆڵی حاجی قادری کۆیی بگەڕێننەوە نیشتمان[1]

سێزدەی گەڵاڕێزانی (٢٠١٥)، ئەو دەمەی گەڵا لەدار و درەخت ئەوەرێ، هاوشانی (کارزان خدر)ی وەرگێری گەنج و لاو، بە شادوومانییەوە لە ڕانیەڕا، بەرەو سلێمانی ڕێگە ناخۆش و پڕ گەوە مردووهێنەکەمان بڕی، دیدار و دانیشتنمان لەگەڵ هۆزانڤانان "لەتیف هەڵمەت، حەمەکەریم عارف، حەمەی مەلا کەریم"دا هەیە، بڕیارە دانیشتنێکی مڕوتێر لەبارەی نووسین و وەرگێڕان و ئەدەب و کولتوری کوردی بکەین. دەخوازین، زوو بگەینە واری ناوبراوان و دەستپێکی زارکردنەوەمان بە باسکردنی بەرهەمەکانیان بێ، بپرسین و بەرسڤ وەرگرین. کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ بنەوبارگەمان لەماڵی مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم دانا. وێنامان دەکرد، گفتوگۆیەکی چڕوپڕ ئەنجامبدەین، وەلێ نەخۆشی کاکە حەمە، دەرفەتی قسەکردنی کەم کردەوە.

وەک شێرکۆ بێکەس، دەڵێ: کاکە حەمەی هەرمێ گوڵاویی.. پیاوێک لە دارهەرمێی وشە.. ماندوویەک لەنێو تووناوتوونی کتێبدا.. حەمەی مەلا کەریم.. ئەو ناوەی نیو سەدە زیاترە، لە زاری زمانی کوردیدا نوقڵە.. ئەو شیکەرەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی، لەدوای ٧٨ ساڵدا، نەخۆشی بەرۆکی گرت و زیاد لە جارێک سەکتە لێیدا و گاڕۆی نووسین و ساغکردنەوەی شیعری لێ تێکچوو، وەلێ کۆڵی نەدا و بەردەوام بوو.

حەمەی مەلا کەریم، لەسەرەتای قسەکردنییەوە ئێمەی بردە نێو هەڵکەوتەی سروشتە تایبەتییەکەی هەورامان و گوێبیستی چک چکە و گراداف و پروکە و دەنگی باڵندە کێوییەکان بووین، مەکۆی شادی و چێژبەخشیینی دەروون و گیانمان بە وێنا وەرگرت، لە پاشان باسی تەکیە و خانەقاکانی هەورامانی کرد و ئەمەشی بەهۆکاری سەرەکی بوونی دەیان کەوادیری ئاینیی ئیسلامی، هزری

---

(١) ئەم وتارە لە لاپەڕە ١١ی هەفتەنامەی وشە، ژمارە ٢٦٨، چوارشەممە، ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.

خواناسی دادەنا، بۆ سەنگینی قسەکانی مەلا نەزیری بەنموونە هێنایەوە، خاوەن دەستنوسی قورئان و شارەزا لێی.

لەنێو سروشتی ئاینیی هەورامانەوە بەرەو دونیای ئەدەبی کلاسیکی باسەکە وەسوڕا، وجوودیەتی بنەماڵەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە شیکردنەوە و ساغکردنەوە و لێکدانەوەی شیعری کلاسیکی، بەتایبەت شاعیران "نالی، مەحوی، سالم، مەولەوی"، ڕۆڵێکی بەرچاو و مێژوویی و لەیاد نەکردەیە. بەڵام، سەکتەلێدان لە فاتیحی برای لە ساڵی (١٩٩١)دا و گیان لەدەستدانی باوکی لە ساڵی (٢٠٠٥)دا، کاری کاکە حەمەی لەمەڕ لێکدانەوەی شیعر قورستر کرد، کەچی کۆڵی نەدا، "دوو ساڵ لەمەوپێش دیوانی "سالم"ی لەدوتوێی دوو بەرگدا، لە ساغکردنەوە و لێکدانەوەی باوک و برا، لەلایەن بنکەی ژین بڵاوکرایەوە".

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لەژیاندا چوار ژنی هێناوە، خۆی و شانسی هەر چوار خێزانەکەی نێویان "ئامینە" بوو. ئەو، بەشێکی ژیانی لە بەغدا بەسەربرد و لەوێدا مرد، لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ئەسپەردەکرا، لەنێو گۆڕستانێکی سیخناخ لە گۆڕ، مردووی سەدەکانی پێشوو و ئێستا دۆستی خاکین. ئەوان دەڵێن: نەهێنانەوەی گۆڕی مەلا عەبدولکەریم کارێکی چاک و گونجاوە، لەوێدا لەنێو هەزاران گۆڕدا بزردەبێ. بەڵام، ئەگەر، جەستەکەمان گەڕاندبوایەوە هەورامان و لە بیارە بە خاکمان سپاردبا، ئێستا کرابووە شوێنێکی پیرۆز، مەرقەد و زیارەتگا دەبوو، بەبەردەوامی خەڵکی سەردانی گۆڕەکەیان دەکرد. ئەڵبەتە ئەمەیان بەکارێکی باش و گونجاو نەزانیوە.

شیرین خانم، هاوژینی کاکە حەمە، هاوژین و هاوڕێ و دڵسۆز و خەمخۆری تەواوی هاوژینەکەیەتی، هەمیشە لەدەوریدا دێ و دەچێ، دەخوازێ هاوژینەکەی قسە بکات و ئەو بۆی جێبەجێ بکا. تەنانەت لە قسەکردنیشدا زانیاری وەبیردەهێنێتەوە و یادەوەرییە هاوبەشەکان دێنێتەوە هزری هاوژینەکەی قسەکانی بۆ تەواو دەکا.

ئەو پیاوە زمان زانە، ساڵی (٢٠٠٩) سەکتە لێیدەدا و ساڵی (٢٠١٣) سەکتە لێی دەداتەوە و تەندروستی بەرەو خراپتر دەبا، بەجۆرێ توانای هەستان و ڕۆیشتنی نامێنێ، هاوکات، نەخۆشی شەکرە و بڕبڕەی پشت –فەقەڕات–، هەڵکشانی تەمەنی زیاتری ماندووی دەکا و تاڵی ژیانی وەک مەی پێدەنۆشێ.

شیرین خانم، کاکە حەمە هاوکاری و دەستگیرۆیی زۆر گەنجی تازە پێگەیشتووی کوردی کردووە، خەڵکانێکی زۆر، دەهاتنە ماڵ و داوایان لە محەممەد دەکرد، چاو لە نووسینەکەی بکات و پێداچوونەوەی بۆ بکا، یا پێشەکی بۆ بنووسێ، یا داواکارییەکی دیکەی هەبوو.

ئەو ڕۆژنامەوانە ئەزموونداره، پەیوەندی دەگەڵ نووسەران و وەرگێڕە دیارەکانی کورددا هەبووە، تەنانەت لەکۆڕی زانیاری کورددا، پێوەندییەکانی زیاتر لەسەر بنەمای نووسین و بڵاوکراوە بووە، یەکێک لەو کەسانەی قسەی لەبارەیەوە کرد، مەسعوود محەممەد بوو، ئەو وتی: پەیوەندیمان لەگەڵ مەسعوود محەممەد باش بوو، یەکترمان خۆش دەویست، ئەگەرچی لە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیا جیاواز بووین. ئەو، مرۆڤێکی خوێندەوار بوو، تێگەیشتوو بوو، خوێنەرێکی کارا بوو، کارکەرێکی بەتوانا بوو، بەیانیان دەهاتە کۆڕی زانیاری کورد، تا ئێوارە درەنگ دەمایەوە، تا ئەوکاتەی کاری تەواو دەبوو. مەسعوود محەممەد شتێکە، دەتوانی قسەی یەکلایی کەرەوە بکا.

مەسعوود محەممەد، قسەخۆش بوو، کەیف ساز بوو، ئەگەرچی زیاتر لەماڵەوە بوو، دەیخوێندەوە و دەینووسی، کەمتر دەهاتە دەرەوە، لە ماوەی هاوڕێیەتیماندا جارێک سەردانی کردووم، لە ماڵەوە.

ئەو پیاوە باسەوادەی ساڵی (١٩٣١) لە بیارە لەدایک بوو، "لە هەورامانەوە بۆ لای شارەزوور و خەرمانی شیعری نالی و لەوێشەوە بۆ لای سلەیمانی و ئەوینی شاخی گۆیژە -تێکستە شیعری شێرکۆ بێکەس-" ئەو مرۆڤە مرۆڤ دۆستەی هەشت ساڵ ڕووبەڕووی نەخۆشی وەستایەوە، لەباسی دەنگۆی دۆزینەوەی گۆڕی شاعیری بیری نەتەوایەتی ناسیۆنالیستی حاجی قادریی کۆیی، فرمێسک بە چاوانیدا هاتەخوار و وتی توخدا ئەو ئێسک و پروسک و خاک و خۆڵەی بگەڕێننەوە نیشتیمان، چونکە تا لە ئاوارەییدا دەژیا، حەزی دەکرد بگەڕێتەوە کوردستان، بەمشێوەیە کۆتایی بە قسەکانی هێنا. دوا دیداری ژیان و مانەوەی لە ژینەدا، دوازدەی ئازاری ئەمساڵ بوو.